چیرۆکە هەواڵ

# ئەو ئەوینەی بەسادەترین پرسیار لەدایکبوو


کاردۆ مستەفا

زۆرن ئەو سنورانەی دەبنە بەربەست لەبەردەم خۆشەویستی و بە ئامانج گەینی دوو دڵدار..دوو مرۆڤ کە بەتەواوی مانا بۆیەکتر دەتوێنەوەو تەواوی هەست و هۆشیان بەو چرکەساتانە دەبەخشن کە وێنە ویادگاری یەکتری تیا ئەبیننەوە، یەکێك لەو سنورانە کە تەیمانێکی درکاوی بە چوارچێوەی کۆمەڵگادا کێشاوە و پێی لە کۆمەڵی تر جیادەبێتەوە، ئەو کولتوورەیە کە ئاین بەرهەمی دێنێ.. کولتوریش کە کۆی داب ونەریتە کۆنینەکانی هەر شارستانیەتێکە زۆر بەتوندی پەیوەست ئەبێ بە ئاین و سنورەکانیان تێکەڵ بە یەکدی ئەبنو مانا لە یەکتری وەرئەگرن، یان بەو مانایەی ئاین ئەبێتە لانکەی راژەناندنی کولتورو بنیادێك بۆی. یەکێك لەو کێشانەی کە لە ئەنجامی تێکەڵبوونی کۆمەڵگا جیاوازەکانی خاوەن کولتورو شارستانیەت و ئایینە

**"خۆشەویستی وەك یاریی شەترەنج نییە، مرۆڤ کە دەستێکی دۆڕاند خۆی کۆبکاتەوە بۆ دەستێکی تر، مەشق بکات، فێر بێت. لەعەشقدا یەك دەست هەیە، یەك یاری هەیەو تەواو"**

بەختیار عەلی (لە شاری مۆسیقارە سپییەکان)

جیاجیاکان سەرهەڵدەدات گرفتی هاوسەرگیریە، چونکە هەر ئاینێك لە ناوخۆیدا جۆرێك لە داخرانی هەیە بەرامبەر بە ئاینەکەی تر، تەنها لە بارێکدا نەبێت کە خەڵکی سەر بە ئاینەکانیتر بیانەوێت پەیوەستبن پێیەوە، ئەگینا بەپێی ئەو بەرنامە (رامیاریە-کۆمەڵایەتییە- دینییە)ی کەوا هەر ئاینێك بۆخۆی دایرشتووە، زیاتر بۆئەوەی لەرێی ئەو بۆنەو سرووت و کۆبونەوە ئاینییانە، خەڵکەکە بەباوەرو ئیمانی ئاینەکە پەیوەستکەن، بۆئەوەی باوەریان لەق نەبێ و نەکەونە ژێر کاریگەری ئایدیاو ئاینی جیاوازتر، یان بێباوەری باڵ نەکێشێت بەسەریانو بە نەزەری خۆیان کۆمەڵگا لە پاڵ یەك هەڵوەشێنێ. وەگ گوتمان مەسەلەی هاوسەرگیری یەکێکە لەو بابەتە زیندووانەی کەوا هەر ئاینە دەیەوێ لەرێی کەسی خۆی کەسی تر پەیوەست کا بەخۆیەوە. بێگومان لەدوای راپەرینو بە دیاریکراویش لە دیاسپۆرا ئەو حاڵەتە بەسەر ئێمەی کورددا هات، کە بێشك رێژەی هەرە زۆری کورد موسڵمانن، بەڵام لەبەرئەوەی لەوێ ناسنامەی ئاینی برەوێك نادات بە کەسێتیان و نابێتە پاڵپشتێکی مۆراڵی بۆیان لەوێ پەیوەندییە ئابورییەکان گرنگیان هەیە و مرۆڤەکان بەیەکەوە پەیوەست ئەکات، واتە لەوێ ژیان لەچاوی ئاینەوە تەماشا ناکرێ ، یان ئاین نایەتە ناو ژیانی تاکەکان تا گرفت بنێتەوە، بۆیە هاوسەرگیری هاوڵاتیانی ئێمە بە هاوڵاتیە رۆژئاواییەکان لەوێ وەك گرفتێك تەماشا ناکرێت، چونکە ئاین ئەو دەسەڵاتەی لێسەنراوەتەوە بێت خۆی هەڵقورتێنێتە نێو ئازادی دوو تاك، بەڵام لێرە لەنێو زۆربەی کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵات بەپێچەوانەی ئەوێ، ئایین باز دەداتە هەموو کەلەبەرەکانی ژیانی تاك بە تاکمان، بۆیە دەبینین گۆران بە سەر وەزیفەکەی دادێ، لێرە ئایین سیفەتی قسەکەر وەردەگرێ و کەسەکانیش گوێ رادێرو جێبەجێکار، بۆیە ئەگەر ئایین گوتی:ئاسایی نیە کورێکی موسڵمان کچێکی مەسیحی یان جولەکە بهێنێ، ئەگەر مەرجی ئەوە لەسەر کورە(یان کچە) دانرا دەستبەرداری ئایینەکەی ببێ بەپێچەوانەشەوە. کەواتە لێرە کێشە سەرهەڵدەدات..کێشەی لەیەکتربوونی دوو



دڵــدار. هەرچەنــدە  تەواو ئەوانەی بــەم ڕێگایە بوونەتە هاوســەرو دڵداری یەکتر بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە ســەر بە چ ئایینێکن، ســەرەڕای زۆری جیاوازی دی کە کێشــەی بەدوای خۆیدا هێناوە،  تا ســەرەنجام لەگەڵ ئەم ووردە گرفتانە رووبەڕوو دەبنــەوەو پێکدا دەدەن. لەگەڵ ئەم پێشــەکیە دەمەوێ چیرۆکێك باس بکەم کە لە قالبی کەیسێکی لەم چەشنە دایە.

### چیرۆکەکە

(رزگار)خوێندکارێکی موســڵمانە لەپەیمانگای مامۆســتایان، وەك هەر گەنجێکی ئــەم وڵاتە  ئارەزوو دەکا لــەدوای تەواوبوونی  قۆناغی خوێندن ژیانی هاوســەری پێکــەوە بــنێ. بۆیە دەکەوێتە گــەڕان بەدوای ئەو کچە نەشمیلــەی کەوا وێنەکەی لە ئاوەزی خۆیدا کێشــاوە، ئەمە ســەرەڕای ئەوەی چەندین کچە خاڵو کچە پووری هــەن و ئومێد دەکەن کەوا (رزگار)بێتە داخوازییانو دەستنیشــانی یەکێکیان بکات و ژیانی هاوســەری پێکبێنــن، بەڵام دڵی ئەو نابێتە ئەو پەپوولەی ئومێدە لەســەر پەڕەی دڵی هیچ کامێك لەوانە هەڵبنیشــێ کە لــەو چاوەڕوانیە دان، تا بە ڕێکەوت بەیانی باشــێکی نێو کافتریــا بەندەکانی دڵی لێکهەڵدەوەشــێنیو پەپوولەکانی دڵی بەرەو دوورگەی عەشــقێکی چاوەڕێ نەکراو  باڵ لێکدەدەن. ئەو بەیانی باشــە  لەو دەنگــە منگن و شــەرمنەی کچە کاکەییەکی  هاوپۆلی خەبــەری دەکاتەوەو دەبێتە ڕێوانی دڵیو بە کەمەندی عەشــقەکەی کێشی دەکات بەرەو لای خۆی، ئەم ئاوازەی لــەو بەیانیە لــە نێوان رامــانو جووڵە شــەرمنەکانی لێوی هەردووکیان هەڵسا، ئاوازێك بوو دڵی هەردوو لای داخورپاندو یەکەم  گرێبەندی عەشــقی دروســتکرد لەنێــوان هەردووکیان،ئەو خۆشەویســتیە خەفەکــراوە وەك  ژیلەمۆیەك مایەوەو خۆڵەمێشی کەوتەسەر،چونکە ساڵەکانی خوێندن بەسەرچوونو دابرانێك لەبەیانی باشو قســە بەرنامە بۆ دارێژراوەکانی شــەو دروســت بوون، بەڵام هێشــتا تەپەی خۆشەویســتی لەدڵی هەردووکیــان بەگوڕ لێیدەدا. بۆیە  ئەم گــڕە بەتینە بڕیاری مانەوە لە هەندەرانیشــی ســوتاند، ئەودەمــەی (رزگار)یش وەك تــەواوی هاوڕێو هاوتەمەنەکانــی بڕیاری جێهێشــتنی زێدی داو گەیشــتە ئەڵمانیا، بــەڵام لەناخیدا پەشــیمانی دایدەگرێ، چونکە هەســت دەکات ئەم وڵاتە گەرمــی ناکاتەوە... ڕەنگی نایلۆنی شــتە بەرجەســتەکانی ئەوێ  چێژێکی پێنابەخشــن، ئەو ســیما تازانەی پێیان ئاشــنا دەبــێ، جێی ســیمای بەجێهێڵراوی (ڤیان)ی دڵخواســتی بۆ بکەنەوە، هەســتی دەکرد غەدرێکی زۆری لەخۆکردووە، ئەو هاتۆتە ئێرە بۆئەوەی بە هێواشی کۆتایــی بەخۆبێنێو کەوتۆتە ناو چوارچێــوەی (ئینتیحار) بۆیە کەمەندی بەتینی (ڤیان)رایدەکێشــتەوە زێد و یەکەم بڕیاریش کەدەیدا ژنهێنانە. بەڵام لەبەرئەوەی هەرچی پارەوپوولی هەیانبوو هەمووی بەم ســەفەرە بەخشــیبوو، بۆیە بڕیارێکی قورس بوو بەلای خێزانەکەیانەوە، بەڵام ئەوەشــیان بەلاوە گرنگ نەبوو ئەوەندەی دەیانەویست کورەکە لەلایان بێتو جێیان نەهێڵێ، کاتێ کە دەستنیشانی کەوتەسەر هاوپۆلەکــەی و تەواوی نهێنیەکانیشــی بە ماڵەوە گــوت، وەك بۆمبێك بتەقێتەوە ئاوابــوو بــەلای باوکــە حاجیەکەیــەوە، چونکە ئەمــەی بەکوفر ئەزانــی.. بەڵام پێداگری (رزگار) لەســەر ئەو کچە، ئیتر بەناچاری  باوکەکە کەوتە پرســیارکردنو دۆزینەوەی وەڵامێکی شــەرعی  بۆ ئەم کێشــەیە. هەرچی مەلای گەڕەکەکەیان بوو پێــی گوتبوو، ئەگەر ئەم کارەبکــەن  ئەوا حەیاتان ئەچێو لە ئاگری جەهەنەمیش بــە دوورنابن، چونکە ئەمانە ئاگرپەرســتن بڕوایان بەخوا نییە، لەم قســانە زیاتر هیچی تر بەمێشکی حاجی  دانەدەچوو، ئەم بڕیارە بۆماڵی کچەکەش هەمان سەدای هەبــوو، چونکە ئەوانیش خۆیان بەبنەماڵەی گــەورەی ئاینەکەیان ئەزانیو پێیان نەنگی بوو ئەم زەواجە ســەربگرێ، ئەمە لاباڵێکی شکاندبوونو لاباڵەکەی تریشیان بەهــۆی جەختی کچەکەیانــەوە شــکابوو کەدەیگوت:لە(رزگار) بترازێ کەســی تر بەهاوسەر دانانێم، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم خێزانە تۆزێك کراوەبوونو زیاتر بەدوای چارەســەردا دەگەڕان، هەتا لابەلا بە کورەکەیان گوتبوو، برۆ هەندەرانو کچەکەش لەگەڵ خۆت بەرەو لەوێ هاوســەرگیری بکەن. بەڵام تازە ئەم کارە بۆ رزگار ئاســان نەبوو،  بۆیە سەرەنجام بەهەوڵی هەموو لایەك گەیشتنە چارەسەر وناچار لایەك بۆ لاکەی تری داشکاند وهاوســەرگیرییەکە سەری گرت، بەڵام تاکێشەکە چارەسەرکراو هەردوولا لە خۆکوشتن نەجاتیان بوو کە زۆرجار بەمێشکیان دادەهات، (رزگار) بیری لەوەش کردبوووەوە کەوا کێشەکە بگەیەنێتە پەرلەمان، بەڵکو ئەوان ڕێگە چارەیەکی گونجاو بۆ ئەم جۆرە کێشانە بدۆزنەوە، بەڵام خۆشبەختانە ئێستا ئەوان ژن ومێردن و منالێکی  چاو گەشیشیان هەیە و ژیانیان زۆر ئاساییە.



*تێبینی: تێکستی چیرۆکەکە ڕووداوێکی راستەقینەیە و تێکهەڵکێش کراوە لەگەڵ خوێندنەوەیەك بۆ پێکدادانی نەریتە جیاوازەکانی نێو جوگرافیای سیاسیی هەرێمی کوردستان. تەنها ئەوەی دەســتکاری کراوە ناوی پاڵەوانەکانە، ئەویش لەسەر داوای خۆیان.*